# چیرۆکی عاسی مستەفاو پەشیمانی دوای ڕوداو

عومەرمحمەد



چیرۆکی عاصی مستەفا بەتەنیا هەموو پروپاگەندەکانی بەعس پوچەڵ دەکاتەوە کە دەیگوت ئەوانەی لە گوندەکاندا دەژین دەبێت ئەنفال بکرێن چونکە بەکرێگیراوی ئێرانن.

عاصی مستەفا لە دایکبوی 1955و گوندنشینێکی قەزای چەمچەماڵ بوو، ئەو پێشتر خزمەتی سەربازی تەواو کردبوو، کە جەنگی ئێران عێراق هەڵگیرسا لەگوندەکەی خۆیاندا (زینانە) خەریکی کشتوکاڵوئاژەڵداری بوو، بۆیە بەبیریدا نەدەهات جارێکی تر بەرگی سەربازی لە بەربکاتەوەو بچێتە بەرەی جەنگەوەو چارەنوسی بەو رۆژە بگات، عاسی قوربانیەکی دوسەرەی دەستی رژێمی بەعسە، لەلایەکەوە بۆخۆی سەربازێکی یەدەگی بەرەکانی جەنگی قادسیە بوو. بەرواری 27ی شوباتی 1982 لە بەرەی شوش سوپای پاسداران هێرشێکی توندی کردە سەریەکەکەیان و عێراقیەکان سوپاکەیان تێکشکا ئەویش لەگەڵ سەدان سەربازی تری عێراقی دیلکرا و لەو ساتەوە بووە زیندانو 9 ساڵی تەمەنی بە دیلی بردە سەرو بووە قوربانیەکی نامۆی جەنگی قادسیە. لێرەش ژنو منداڵەکانی لەچاوەروانیدا بوونو هەمیشە چاویان لەدەرگا بوو باوکیان بگەرێتەوە ناویانو بەدیداری شاد بن. بەڵام چاوەروانیەکەیان بێهودە بوو، چونکە هەرگیز یەکتریان نە بینییەوە .

هێشتا جەنگی عێراق ئێران نەوەستابووکە پەلاماری ئەنفال گەیشتە گوندی زینانەو خێزانێکەیو منداڵەکانی بە تۆمەتی بەکرێگیراوی ئێرانی ئەنفالکران، ئەم چیرۆکە مرۆڤ هەژێنە نەك بە چەمچەماڵو کوردستان بەڵکو بەجیهانیش نامۆنیە، عاصی کە سەربازێکی یەدەگی قادسیەی سەدام بووەو لە شکستێکی سوپای عێراقدا بەدیل دەگیرێو پاش 9ساڵ دیلێتی لە ئیران لە بەرواری 25ی ئابی 1990 ئازاد دەکرێو بە ئومیدی شادبوونەوە بە منداڵەکانی دەگەڕێتەوە، بە ئومێدی بینینەوەی منداڵەکانی لە سەر سنور خاکی نیشتمانی ماچکردو لە بەردەم وێنەی سەرۆکدا بەچۆکدا هاتوو سەری ڕێزی بۆ نوشتاندەوە، بەهیوای ئەوەی نیشتمان ئیتر بە سۆزەوە ئامێزی بۆ بگرێتەوەو لەناو ماڵو منداڵی خۆیدا بحەسێتەوە، بەڵام کاتێك گەیشتەوەکوردستان، بەسەر هەواری خالیدا گەرایەوە، یاران دەبێ ئەو پیاوە لە چ دۆخێکدا بوبێ ؟ چ هەواڵێکی بەئازار روبەروی بووەوە کەس نە مابوو بەرەو پیری بێتو پێشوازی لێبکات، کە دەیەوێت بڕواتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی هەندێك خزمو کەسی نزیکی خۆی بەجۆرێك ماتەمیننیەوە پێی دەڵێن گوندەکەتان نەماوەو جاریٰ کەمێك پشوو بدەو سەبر بگرە..

بەڵام کاتێك ئەم نهێنی سەبرگرتنەی بۆ دەرکەوت ماڵی چیو خێزانی چی ؟ هەموویان لەلایەن رژێمی بەعسەوە گیراونو ئەنفالکراون، ئەویش وەك سەربازێکی عێراقی بۆسۆراخیان دەچێتە لای دامو دەزگا ئەمنیەکانی بەعس لە چەمچەماڵ، بەڵام کە دەزانێ پیاوانی بەعس وەك ڕەوشتی هەمیشەییان دەستی

دەستیو درۆی لەگەڵ دەکەن، ئیتر عاصی پەتی تەحەمولی دەپچڕێو بە سکاڵایەکی پاڕانەوە ئامێزەوە دەچێتە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار تا لەرێگەیەوە پەیامێك بۆ سەرۆکیکی بێڕەحم‌ودڵڕەق
جەنابی سەدام حوسێن ئاراستە بکات، ئەو سەرۆکەی ناوی فریشتەو باوکی نەتەوەی لەخۆی نابوو، بەڵام لە راستیدا شەیتانێك بوو ئابرونەتەوەکەی خۆشی برد.

لەوێ نامەکەی لێوەرناگرن‌و پێی دەڵێن دەبێت لەرێگەی قایمقایمی قەزاکەتانەوە ئەو سکالایە ئاراستەی سەرۆك بکەیت، ئەویش هەروا دەکاتو بەرواری 1990/10/4 سکاڵاکەی بەرزدەکاتەوەو سەرەئەنجام پاش 25 رۆژ لەچاوەڕوانی لەبەرواری 1990/10/29 لەلایەن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارەوە بە ئیمزای ( سعدون علوان مصلح ) زۆر بەکورتیو بەدوو دێڕ وەڵامێکی ساردوسڕی بۆ دەنێرنەوە.. سعدون علوان بۆی دەنوسێ : ( بەداخەوە ژنەکەتو منداڵەکانت لە پرۆسەی ئەنفالی باکوردا ونبوون)


دۆسێی عاصی مستەفاو ئەنفالکردنی خانەوادەکەی حیکایەتێکە لێوان لێوە لە دڵڕەقیو ناپەسەندی پیاوانی رژمێكو پەشیمانی جەنگاوەرەکانی بەڵام پەشیمانی دوای چی دوای روداوێك کە گەورەترین تاوانی سەدەی بیستەمی بەرهەمهێنا، چیرۆکی دیلکردنی عاصی مستەفاو ئەنفالکردنی خانەوادەکەی پێشاندەری واقعێکی تاڵی کۆمەڵگەی عێراقیە، کە رەفتاری سیستمێکی سیاسی توندرەفتارو کارەکتەرێکی ناو کایەی سیاسی دەسەڵاتێکی وێرانکەرە، رەوشتی سەرکردەیەکی ناسیونالستی عەرەبە کە هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤو مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوە.




سکاڵا بەزەیی ئامێزەکەی عاصی مستەفا کە ئاراستەی صدام حسێنی کردبوو، بەدەیان زمان بڵاوکرایەوەو رۆژنامەکانی جیهان شکستی سەربازێکی پەشیمانی عێراقیان گەیاندە ئەو سەری جیهان. ئەو سکاڵایەی دڵنیام بەقەد ژمارەی پیتو وشەکانی فرمێسکیان بەو مرۆڤانە رشتووە، کە پەتای دەمارگیری کوێری نەکردوون‌و مرۆڤانە بیر لە ژیان دەکەنەوە، کەچی ئەوەی گوێی خۆی لێخەواند ڕاگەیاندنی عەرەبی بوو، ئەوەی شەرعیەتی دەدایە سەدامو بەعسیەکان لە بەرانبەر وەها تاوان‌و کردەوەیەکی نامرۆڤانە بیری شۆڤینی عەرەبی بوو، ئەوەی پاش ئەنفال‌و جینۆساید کردنی کوردیش، سەدامی بەسەرۆکێکی لێوەشاوە ناوزەد دەکرد دەمارگیری نەتەوەیی عەرەب بوو. ئیدی بۆمافی ئەوەمان نەبێت دەمارگیری ناسیونالستی ریسوا بکەین، بۆ نەتوانین بەوپەڕی جورئەتەوە بڵێین، نەفرەت لە بیری شۆڤێنی جا لەهەر کوێوە سەرچاوەی گرتبێ. نەفرەت لەو ناسیونالیزمەی لەژێر پەردەی پیرۆزی

نیشـــتماندا هاونیشـــتمانیان دەكاتـــە بوونـــەوەرێكی چەواشەوســـەركوێر، تـــەنیا بۆئـــەوەی ڕێگاكـــان بەرەوفاشیەت هەمواربكاتو درێژە بە وێرانكاریو بەربەرییەتی خۆی بدات .

## پاشكۆكان :



This word mean the operation which the prophet Mohammad had fulfilled it against the atheist people "1400" years ago. So the cruel Saddam Hussein fulfilled this military operation against my people in Kurdistan in 1988. As a result I lost my family, so did many families who lived in the small villages in the mountains. So from that time I don't know any thing about the destiny of my family; therfor, I contacted the Iraqi authorities to give me any information if there of my family.


A few month later the Iraqi authorities informed me through a formal answer from "Saddoon Alwan Musslih" the chairman of leading chamber. In his answer he told me that my family lost through Al anfal operation. So this is the exact reward of aperson who sacrifice himself in Iraq.

Mr. presidents, primeministers I wrote to your excellencies. in ahope to take it into consideration and exert your efforts as you did in the past time, I'm waiting passionately to answer me through the united nation representation in Sulaimanya, as soon as possible. Also in a hope to put an end to the Saddams behaviour against the people of Iraq generally and Kurdis people specially.

Eventually, I wish you best wishes and best regarding and also I hope that God keep all of you alive for good of humanity.

Sincerely,
Assi Mustaffa Ahmed

2011/01/23




الجمهورية العراقية
ديوان الرئاسة

العدد / ش.ع / ب / ٤ / ١٦٥٦٥/٦٥
التاريخ / ...... / ربيع الثاني/ ١٤١١ هـ
٢٩ / ١٠ / ١٩٩٠م

السيد عاصي مصطفى احمـــد
محافظة السليمانية / قضاء جمجمال
محلة /بيشس / مسجد حجي ابراهيم

طلبك فـــي ٤ / ١٠ / ١٩٩٠م
أن زوجتك واولادك فقدوا اثناء عمليات الانفال
التي جرت في المنطقة الشمالية عام ١٩٨٨ .
مع التقديـــر .

سعدون علوان مصلح
ع/رئيس ديوان الرئاسة



COMITÉ INTERNATIONAL DE LA CROIX-ROUGE

TO WHOM IT MAY CONCERN


The International Committee of the Red Cross (ICRC) certifies hereby that according to its records :

Mr. ASSI MOSTAFA AHMAD JAF
Mother's name : ---
born in : 1955 Solaymanieh
Nationality : Iraqi

was captured by the Iranian forces on 27.03.1982;
he was registered by the ICRC under ID No. 21931;
and visited by ICRC delegates from 25.07.1982 until 30.11.1987 in the Iraqi POWs' camps in Iran.

He was released and repatriated to Iraq under the auspices of the ICRC on August 24th, 1990.

Geneva, July 31, 1998



بسم الله الرحمن الرحيـــــم

السيد / رئيس الجمهورية المهيب الركن صدام حسين حفظه الله المحتـــرم

احييكم تحية الرفاق المناضلين واقدم لكم نفسي باني احد المواطنين المخلصين .
اناشدكم باسم عدالة البعثيين قدماء جانبي التي اقرت منح ... نحار نخبة امالي
ولما لم اجد سواكم ملجئا عرضت عليكم مشكلتي هذه عذها تحظى باهتمامكم .

سيدي : ــ
اني الموقع ادناه ( عاصي مصطفى احمد ) العائد من الاسر في ٢٤/ ٨/ ١٩٩٠
جندي احتياط من مواليد ١٩٥٥ ساهمت في معركة قادسية صدام المجيدة في قاطع الشوش
فوقعت في الاسر في ٢٧/ ٣/ ١٩٨٢ وبقيت في الاسر الى يوم صدور القرار بتبادل
الاسرى فرجعت الى ارض الوطن جلت ترابالوطن الحبيب وركعت امام صورة السيد القائد
المظفر صدام حسين .
وكان في قلبي الشوق للوصول الى اسرتي ويفرحون بلقائي بانرح بلقائهم في فرحة
غامرة لا توصف .
الا انه بالحديث فقد وجدت الدار خاوية على عروشها فلا وجدت زوجتي ولا اولادي فيا للكارثة
ويا للهول فقد اخبروني بان الاسرة كافة وقعت في يد قوات الانفال .
ولا اعلم عن مصيرهم شيئا .

عليه جئتكم بحرمتي هذه راجيا التفضل بالعطف علي واعلامي عن مصيرهم وفقكم اللــه
وحفظكم ولكم الشكر والاحترام .

المستدعي
العائد من الاسر / ساكن بلاماوي
في السليمانيه
الجندي الاحتياط
عاصي مصطفى احمـد
٤/ ١٠/ ١٩٩٠ .